# بڕوام نایه بەجێت هێشتوم

**بەهادین کەمال**



**کە ڕۆیشتی باخچەی پڕ لە ئاوازی خۆشە ویستی**

**سینگت بە جێ هێشتم**

**منت بە مەملەکەتێکی سەرابستانی ئەوین سپارد**

**کە ڕۆیشتی**

**گەڵای حەزم هەڵوەراندی**

**مۆمی تەمەنم کز دەسووتێ**

**هۆنراوەکانم بەرگی ماتەمیان لە بەر کردووەوبۆت دەگرین**

**لە پاش ڕۆیشتنت**

**بە تەنهایی  لە جێژوانێکی گێژانەوەی گەردەلولی خەمەکانتا مامەوە**

**هەر جارەو خەیاڵم بۆ جیگایەکی نادیار گوزەر دەکات**

**لە هەستمدا**

**لە ژورێکی چوار گۆشەدام**

**نە دەرگاو نە پەنجەریشی لێیە**

**تروسکایەك شك نابەم کە تامی ماچی تەنیایی شەوانی پر لە خەڵوەتی**

**یادگاریەکانمان ... بهۆنێتەوە**

**بەڵێ... لە پاش ڕۆیشتنت**

**سێ گوڵ**

باوشیان بۆ خەمەکانت کردەوە

هەر جارەو یەکێکیان

گوێ لە پشووی خەمت دەگرن

فرمێسکەکانت تروسکەی  گوڵەکان دادەپۆشن و

هەست بە برینی قووڵت دەکەن

دەیانەوێ ئازارەکانت سارێژ کەن

بەڵام لە وشەی ئارام بوون زیاتر

هیچی تریان پێ ناوترێ

پێیان وتی:

هەستی ناسکیمان

بۆ جێژوانی ڕۆحت هەڵئەخەن و

گوێ لە ئازارەکانت دەگرن

تۆیش

پێیان دەڵێی ...نازانم

لە داستانی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیەوە دەست

پێ بکەم

یان لە ڕۆژانی دابڕان

باس

لە برینەکانم بکەم

گوڵی یەکەم

پێی وتی:

گەر مەملەکەت بە مەملەکەتی دابڕان

بێ بڕوایی

حەزەکان ناو ببرێ

ئیتر چۆن دەگەین بە خەونەکانمان

دیسانەوە پێی وتی:

من لەوەرزی بێ دەنگیدا لە دایك بووم

گوڵی دووەم

پێی وتی:

من لەوەرزی چارەنووسدا لە دایك بووم

بۆیە هیچم پێ ناوترێ

گوڵی سێیەم

پێی وتی:

من لەوەرزی بەهاردا

لە دایك بووم

گەر ڕێگاکان هەموو دڕکاوی بن

دەبێ پەپوولە سڵ لە ڕێگاکان نەکا

تا بۆن بە هەناسەی گوڵەوە نەکات

پاشان

هەر سێ گوڵەکە

پێکەوە پێیان وتی:

ئێمە سەر گوزشتەی خۆمانمان پێ ووتی

تەنانەت لەو جێگایەی لە دایك بووین

ئەی تۆ لە کوێی

پێت نەوتین ....؟

بۆ نازانن...؛

من لەوەرزی خەزاندا لە دایك بووم

لەو وەرزەی کە گوڵە سوورەی بەهار تەلیسمی تروسکانی بەبۆن دادەپۆشێ

**باخچەی عیشق وئەوینم بە جێ هێشت**

**لە ڕۆژی درۆدا ماڵئاوایم**

**لە عەشقی پڕ ئەوین وهەست و سۆزی خۆشەویستیەکی بێ کۆتایی**

**کرد ...؛**

**بۆیە هەمیشە بە گومانە لەو ماڵئاواییەم**

**تۆ...پێم دەڵێی...**

**بڕوام نایە بەم سەفەرەت**

**چونکە لە ڕۆژی درۆدا**

**بەجێت هێشتم....**

**گیانە ئەمڕۆ سبەی ...**

**من دڵنیام ...**

**سەری گێژم لە باوەشی خەمەکانتا**

**ئۆقرە دەگرێو**

**ترپە ترپەی هەناسەکەت ... دەکەم بە ملوانکەی**

**شیعرەکانم ...**

**باوەڕناکەم ...**

**کەجێت هێشتووم.**